# نیشتیمان لەسەفەری لەقلەقەکاندا

**نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

قافلە سەرهەڵگرتوە
خەبەریان ناردبوو د
سڵاوێك لەو کۆتەرانە
بەرلەسەفەری ئێمە
سڵاوێك لەگۆری ئەو
سەنگەر نشینەکەی
چرکەیەدی نەیکوشت
دەبو رۆحی خۆی بس
لەکۆتەڵی شەهیدە ب
سەربازە هەڵاتوەکا
تفەنگەکانیان کردە
مارشی بێزاربون لە
مناڵەکان قاقا بەومینانە پێدەکەنین
بێهودەیی تەقینەوەی بیر بردنەوە
چۆلەکەکان لەخوێندنەوەی با و
بەخواردنەوەی دواقومی فرین نەگەشتن
نیشتمان مرد
گوڵ هەڵوەری
من دڵۆپێك ئەشکم نەرشت
(پەیامی سەربازێکی بێزار لەساتەکانتی خۆکوشتنا ) :
من کەدەروازەیەك نەبێت
لەکوتانی دەستەکانما خۆی کاتەوە
سەحەرێك گوێ لەکڵۆڵترین ئازاری من رانەگرێت
بستە زەویەك نامێنێ منی تێدا نامۆ نەبم ... کە
نیشتمان جەنگ و مەنفا
توانەوەی رۆح بێت
نازانم بونم گەمەی خواوەند بو
یان ساتێکی ئۆرجازمی بابە
برادەر ئەرۆم
لەنێوان بون ونەبونما
مانایەکی ترم نەبو بۆبێدەنگی

لەوسارایەدا نەمتوانی

چۆرێ ئاو بدەمە ئەو رێبوارە مەئیوسانەی

کاتژمێرەکانیان خیانەتی لێکردن

لەم سەفەرەما لەهیچ نەگەشتم

نەمئەزانی بەرەزا

بۆچی مەکر بەسە بەفرا ئەکا

هەنجیر بۆهێندە شیرینەو ......و......

نەمەزانی بولبول  سەحەران لەباخچەدا

ئەگری    یان     گۆرانی  ئەڵێ

برادەر ئەرۆم

بەکوڵێ پرسیارەوە هاتم و بەرسڤێکم لانەبو بۆگەرانەوە دەرۆم

دەرۆ

دەر

دە

د

با دەریاکان وشك بن.............. ئاومان ناوێت

کورەکانمان خەسیون ..............ئاویان ناوێت

ژنەکان هەردەم بەنوێژن............ئاویان ناوێت

چ قاقرێکی گەورەیە ئەم بیابانە بێسەرابە

چ ئەسەفێکی گەورەیە

نیشتمان بمرێت ..و

ئاڵایەك نەبێت بیکەنە کفنی !!

کەمناڵ بوم دایکم ئەیوت :

یاری بەمەقەس مەکە

جەنگێکی تر بەرپا ئەبێت

خوێ مەرێژە بەبرژانگ کۆ نابێتەوە

ددانە کەوتوەکانت لەکونی   دیواران نێ

قەرزی خوایە ئەبێ   مەحشەر  بدرێتەوە

<u>بەشی دووەم</u>

من جەستەی سەرما بردوی

بەرکرێوەی بەفرەکانی زمستانم

قرچەی جەستە سوتاوەکان

بەستەڵەکم نابەنەوە

چ سرودێکی تاڵە

داچۆرانی دواقومی مەی

بۆنێوسنگی پەرداخە کریستاڵیەکانی بێهودەیی

داباریێ

رەشایی جەستەمی کردە تاریمایی

درەختەکان هێندە پێم پێکەنین

چی گەڵایان هەبو

و ە ر ی

بەیانیەك گەڵاکان هاتنەوە یەکسپێدەیەك خۆر ئاوا بوو

رۆژێك منیش سەفەر دەکەم (رەنگە وادەی سەفەر نەبێ )

بۆ نیشتمانێك من ناوی نازانم ( رەنگە ناوی تری هەبێت )

بەتەنێ لەقلەقێکی پیر بیزانێت و

لەسەفەرێکی دورا لەبیری کات !!

ئەترسم بەرلەوەی برۆم

بستێ خاکم دەسنەکەوێت

موروی یادەکانی دایکمی تیا حەشاردەم

رستە گەڵامێوە وشککراوەکانی دایکم رۆژمێری وڵاتەکەمن

(رۆژێك بەرلەوەی بمرێت _دایکم _ لەسەر رستە گەڵامێوە وشك کراوەکانی نوسیبو :

درێغا ئەمە نێرگسە جار نیە

تاپەپولە پاسەوان بێت

ئێرە بای سێوەکرمێبوەکانی گوناهەو

قەڵەمرەوی مەلا کەوسەری باخەوان )

بەخەتێکی زۆر کۆن (رەنگە ئاوێستایی بێت )

وبەرەنگێکی سور (لەوانەیە خوێنی بێنوێژی هەنار بێت ) ..

نوسیبوی :

کورِم لەدواین لاپەرەدا دوا سەرنجی خۆت لەمەر ولاّتێکیبێ ئالاّبنوسە .

ئەستێرە نەدەکشاو مردن هەرهەبو

گەمە بەمەقەست نەئەکراو جەنگ هەر هەبوو

باران هەبوو گەنم نەبو

گەنم هەبو وکوللە نەبو

کرمێترین سێوی باخی عەدەن

کەمبەجوانیت فریوماندە

لەدوائاویلکەی تەمەنتا جەرگمان مەخۆ

سەرمان سپی بوو

ئاگرەکانت پێنەبون

بەفرەکانت نەچونەوە

تەمەنی نوحێکە لەگیانەلاّدایت و نامری

لەچاوەروانی تۆدا

بۆڵە ترێی روانینمان بویە

م ێ و ژ

گوڵە گەنمی بالاّمان شکایەوە

قافلّەکانیش نەگەرانەوە

تۆش نەمردی

تاجەنگەکانت تەواوبن ! ! !